**زانیاری دەربارەی ئێس.ئێن.گیو - تۆماری چۆنیەتی ساوای (نیوناتال) سویدی**

بۆ ئەتۆ کە منداڵێکت هەیە کە لە بەشی ساوا (نیوناتال) چاوەدێری دەکرێت

چاوەدێری ساوای (نیوناتال) سویدی لە نێو باشترین چاوەدێریەکانە لە دونیا، بەڵام چاوەدێریەکە و ئەنجامەکانی هەرچەن دەکرێت باشتر بکرێت. تۆماری چۆنیەتی ساوای (نیوناتال) سویدی (ئێس.ئێن.گیو) تۆمارەیەکی چۆنیەتی نەتەوەیە بۆ چاودێریی ساوا. ئامانجی ئێس.ئێن.گیو گەشە پێدان و دڵنیایی کردنی چۆنیەتی چاودێریە. هەموو بەشەکانی ساوای (نیوناتال) لە سوید ئەوەیان هەڵبژادوە کە زانیاری دەربارەی منداڵ کە چاودێری دەکرێت لە بەشی ساوای (نیوناتال) ڕاپۆرت بکەن بۆ ئێس.ئێن.گیو. لە ماوەی کاتی چاودێری هەندێک زانیاری دەربارەی دووگیانیی و لەدایک بوونی منداڵ، و هەروەها دەربارەی دۆخی منداڵەکە، چارەسەر، و دیاریکردنی نەخۆشیی ڕەوانەی دەکرێت بۆ ئێس.ئێن.گیو. بۆ منداڵ کە پێویستیان بە چاودێری فراوانە زانیاری هەروەها لە هەمتر سەردانەوەی بەردەوامی ڕاپۆرت دەکرێت بۆ ئێس.ئێن.گیو.

**ئەتۆ کۆمەکی چاودێرییکی باشتر دەکەیت**

لە ڕێگای بەشداری کردن لە تۆماری چۆنیەتی نەتەوەی منداڵەکەی ئەتۆ کۆمەکی باشتر کردنی چاودێری دەکات. تا زیاتر بەشداری بکەن، چاودێریەکە دڵنیاتر و کاریگەرتر دەبێت. زانیاریەکە لە ئێس.ئێن.گیو بەکار دەهێنن بۆ کاری باشتر کردن و بە یارمەتی زانیاریەکانی تۆمارەکە ئێمە دەرفەتگەلی دانسکەمان دەبێت کە ببینین کام شێوەی کار و شێوەگەلی چارەکردن، دەرمان و بەرهەم ئەنجامی باشیان هەیە بۆ منداڵەکەی ئەتۆ وەک نەخۆش. بەشداری کردن دڵخوازانەیە.

**زانیاریەکانی منداڵەکەی ئەتۆ بە ئەم شێوەی مامەڵە دەکرێن.**

زانیاری کۆ دەکرێتەوە لە لایەن پەروەندەی نەخۆشی منداڵەکەت و لە لایەن ئەتۆ وەک دایکوباوک یان سەرپەرشت. هەندێک زانیاری لە پەروەندەی نەخۆشی لەدایک بوونی دایکەکە هەروەها بەشێکن لە ئێس.ئێن.گیو. بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری دەربارەی چۆنیەتی کارکردنی چاودێری ساوا (نیوناتال) و پەرستیاریی لەوانەیە پرسیارت لێ بکرێت دەربارەی ئەوە کە پرسنامەیەکی تایبەتی پڕ بکەیتەوە. زانیاریەکان تەنیا دەتوانن بەکار بهێنن بۆ گەشە پێدان و دڵنیاکردنی چۆنیەتی چاودێری، دروست کردنی ئامار و هەروەها بۆ توێژینەوە لە چاودێری نەخۆش و تەندروستی.

زانیاریەکان هەروەها دەکرێت، دوای تاقی کردنەوەی پەنهانیی پارێزیی، ڕادەستی ئەو کەسە بکرێن کە زانیاریەکان بەکار دەهێنێت بۆ یەکێک لە ئەم سێ مەبەستانە.

ئەگەر زانیاریەک بدرێتە دەر لە لایەن ئێس.ئێن.گیو ئەوە دەکرێت بە شێوەی ئەلەکترۆنیکیی بکرێت. لە کاتێک زانیاری لە لایەن ئێس.ئێن.گیو بەکار دەهێنن بۆ لێتوێژینەوەی توێژینەوە هەمیشە پێویست بە پەسەندکردن لە لایەن کۆمیتەیەکی تاقی کردنەوەی ڕەووشت.

**پەنهانیی پارێزیی**

پەنهانیی پارێزیی زانیاریەکانی منداڵەکەی ئەتۆ دەگرێتەوە. ئەوە بە ڕێسایی سەرەکیانە بە مانای ئەوەیە کە زانیاری دەربارەی منداڵەکەی ئەتۆ تەنیا دەکرێت بدرێتە دەر لە لایەن ئێس.ئێن.گیو ئەگەر ئەوە ڕوون بێت کە نە منداڵەکەی ئەتۆ یان کەسێکی دیکەی نێزیك ئازاریان پێ دەگات بە دانە دەری زانیاریەکە. ئەوە زانیاریانەی کە باس دەکرێن ناکرێت پەیوەست بکرێن بە تاکەکەسێک. تەنیا زانیاری کۆکراوە نیشان دەدرێت.

**دڵنیایی**

زانیاریەکانی منداڵەکەی ئەتۆ دەپارێزرێن لە دژ کەسانی ناشایستە. ئەرکی تایبەتی هەیە کە بۆ نموونە بە مانای ئەوەیە کە تەنیا ئەو کەسەی کە پێویستی بە زانیاریەکانە بۆی هەیە زانیاریەکانی لەبەردەست بێت، کە ئەوە کۆنترۆڵ بکەن کە هیچ کەسێکی ناشایستە زانیاریەکانی نەبینیوە، کە زانیاریەکان بپارێزرێن لە ڕێگای کۆدکردن و هەروەها کە چوونە ژوورەوە بۆ بینینی زانیاریەکان تەنیا دەبێت بە شێوەیەکی دڵنیا بکرێت.

**لەبەردەست بوون**

چاودێریدەری منداڵەکەی ئەتۆ بۆیان هەیە ئەو زانیاریانە ببینن کە ڕادەستی ئێس.ئێن.گیو دەکرێن. هیچ چاودێریدەرێکی دیکە ئەو زانیاریانەی لەبەردەست نیە. ئەو کەسانەی کە سەرەکیانە ئێس.ئێن.گیو بەڕێوە دەبەن دەتوانن و بۆیان هەیە زانیاریەکانی منداڵەکەی ئەتۆ ببینن.

**پاککردنەوە**

زانیاریەکانی منداڵەکەی ئەتۆ لادەبەن لە کاتێک هیچ زیاتر پێویستیان پێیان نیە بۆ گەشە پێدان و دڵنیای کردنی چۆنیەتی چاودێری.

**مافەکانی منداڵەکەی ئەتۆ**

- بەشداری کردنی منداڵەکەی ئەتۆ لە ئێس.ئێن.گیو دڵخوازانەیە و کار ناکاتە سەر ئەو چاودێریەی کە منداڵەکەی ئەتۆ وەریدەگرێت. ئەگەر ئەتۆ ناتەوێت زانیاریەکانی منداڵەکەی ئەتۆ تۆمار بکرێت، پێوەیندی بکە بە پزیشکی بەرپرسی نەخۆش.
- ئەتۆ هەر کاتێک بێت مافی ئەوەت هەیە کە داوای سڕینەوەی زانیاریەکانی منداڵەکەت بکەیت لە ئێس.ئێن.گیو.
- ئەتۆ دەتوانیت زانیاری وەرگریت دەربارەی ئەوە کە کام یەکەی چاودێری و لە چ کاتێک کەسێک زانیاریەکانی منداڵەکەی ئەتۆی بینیوە.
- ئەتۆ مافی وەرگرتنی خەرمانەت هەیە ئەگەر زانیاریەکانی منداڵەکەی ئەتۆ لە دژ یاسای زانیاری کەسی مامەڵە بکرێن.
- ئەتۆ دەتوانیت داوای ڕاست کردنەوە بکەیت ئەگەر زانیاریەکانی منداڵەکەت بە پێی یاسای زانیاری کەسیی مامەڵە نەکرێن.
- ئەتۆ یەک جار لە ساڵ، بە خۆڕای، مافی ئەوەت هەیە کە بزانیت چ زانیاریەک تۆمار کراوە دەربارەی منداڵەکەت (کورتەی تۆمار). داوایەکی وەها دەبێت بە نووسراوە بێت، ئیمزا کرابێت و ڕەوانەی کەسی پێوەندی ئێس.ئێن.گیو بکرێت. ناونیشانی کەسی پێوەندی هەیە لە ماڵپەڕیwww.snq.se.

**بەرپرسی زانیاری کەسی**

بۆ هەر تۆمارەیەکی چۆنیەتی دەستگایەکی سەرەکی بەرپرسی زانیاری کەسی هەیە، زۆربەی کات ئەنجوومەنێکی هەرێمی. بۆ ئێس.ئێن.گیو ئەنجوومەنی هەرێمی ڤێستەربۆتەن ئەم بەرپرسیاریەتیەی لە ئەستۆیە. ئەگەر زانیاری زیاترت دەوێت دەتوانیت پێوەندی بکەیت بە پزیشکی منداڵەکەت یان زیاتر بخوێنیتەوە لە ماڵپەڕی www.snq.se.

بۆ تۆمارەی چۆنیەتی ساوای (نێوناتال) ستێلان

هۆکانسۆن
هەڵگری تۆمار
بنکەی منداڵ و لاوان، نەخۆشخانەی
زانکۆی نۆرلاند ٨٥ ٩٠١ وومیۆ